www.kurdistannet.org
6-12-2007 21:34بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم ... کاوێژ حەسەن

لەدوای چوونە دەرەوەی سەرۆکی هەرێم، کۆمەلێك قسەو بیروڕا وپرسیار کران و چەندین گریمانەو ڕاڤەی بۆکرا. بێگومان لەناوئەوانەدا هەبوون خەویان بەو ڕۆژەوە دەبینی کەسەرۆك نەخۆش بکەوێت یان بریندار بێت، تەنانەت هەن ئاواتی خراپتریشی بۆ دەخوازن.

ئەوەی جێی تێڕامان و پرسیارە ئەوەیە ئەم هەواڵە کێ بڵاوی کردەوە؟ بۆ یەکەم جار بگاتە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوەی هەرێم؟ بۆچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی سەرقافڵەی ئەم کارەبن وپشکی شێریان بەر بکەوێت؟گێ وچی وای وایکرد ئەم سەفەرە بە ئەو ئاقارەدا ببرێت؟

بێگومانم لەوەی کە خەڵکانێك هەن ئەم جۆرە هەواڵانە وا بڵاودەکەنەوە کە ڕوی لە بابێت، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت چاڵ و چۆڵیەکانی ڕووخساری شێواوی خۆیانی پێ بشارنەوە، یان دڵی ئەو کەسانەی پێخۆش بکەن کە ئاواتیان ئەو ڕۆژەیە کورد سەرۆکێکی ئاوها دڵسۆزو غەمخۆری لە دەس بچێت.

سەیر لەوەدایەهەندێك خەڵك دەینووسی، چۆن دەبێت سەرۆك بێ ڕاگەیاندنی فەرمی سەفەر بکات؟ یان بۆ فلانی لەگەڵ خۆیدا بردووە؟ یان بۆ کوێ چووە؟ و کەی چووە؟ و لە کوێیە؟ و لە کوێوە بروسکە و پرسە و نامە دەنێرێت؟

لە مانەش سەیرتر ئەوەبوو، دەوترا لە لایەن زێرەڤانێکی خۆیەوە بریندار کراوەو (بەپەلە!) لە ڕێگەی فڕۆکە خانەی هەولێری نێو دەوڵەتیەوە ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان کراوە. لێرەدا سەیر لە وشەی (بەپەلە) یە!، ئەوەندە بەدڵنیاییەوە دەدوان وەکو ئەوەی خۆیان شایەتحاڵی مەسەلەکە بووبن.

هەبوو (قەلەڕەش) ئاسا دەیقڕاند و دەیوت:خۆش بەختانە پێگەیەکی ئەلیکترۆنی ئیسرائیلی گوتوویەتی: کوردێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئیسرائیلە و پێدەچێت (مسعود بارزانی) بێت، هەواڵێکی لەو چەشنە کە ئەگەر واشبێت بۆ دەبێت بوترێت خۆشبەختانە، کە ئایا ئەگەر ئەو کەسە لە دوژمن خراپتر نەبێت چۆن بەکارەساتێکی وا، و لە بارودۆخێکی وەك ئەمڕۆدا بەتایبەتی هەواڵێکی وا جەرگبڕ خۆشبەختانە بڵاو دەکاتەوە؟ ئەمە بۆ خۆی وەڵامێکە کە بۆ خۆی پێویست ناکات بپرسین یەکێك لەو دەستانەی لەپشت ئەم جۆرە هەواڵەوەن کێن. بەڵکو ئامانجیشیان دیارەو ناسراون، بەڵام ئایا ئامانجەکەیان دەپێکن؟ ئێوە ڕاشکاوانە وەڵام بدەنەوە.

(rawaz3@maktoob. com)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.